# لێکەوتەی پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیادا

**ئارام فارس محەمەد، کاوە عیزەالدین عبدالرحمن**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان, زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی ( لێکەوتەی پێورە ئاکارییەکان لەسەر بڵاوکردنەوی ساختە هەواڵ لە میدیادا ) ئەنجامدراوە، ئامانج لێی زانینی ئەو لێکەوتانەی کە دەشێت پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر زانیارییە میدیاییەکان درووستی بکات، هەروەها خستنەڕووی ئەو جۆرەی هەواڵ؛ کە ئەگەری بڵاوبوونەوەی ساختە هەواڵی تیادا زیاترە، لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و بە ڕێبازی ڕوپێوی ئەنجامدراوە، هەنگاوی سێیەم: کۆمەڵی توێژینەوەکە مامۆستایانی سنوری پەروەردەکانی شاری سلێمانییە، و سامپڵی توێژینەوەکەش (٢٧٤) مامۆستای هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانیە.

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی هەیە کە بریتین لە: زانینی ئەو لێکەوتانەی کە دەشێت پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر زانیارییە میدیاییەکان درووستی بکات، خستنەڕووی ئەو جۆرەی هەواڵ؛ کە ئەگەری بڵاوبوونەوەی ساختە هەواڵی تیادا زیاترە، و دەرخستنی ئاستی نادڵنیایی بەرتوێژان بەرامبەر بە زانییەرییە میدیاییەکان، هەروەها زانینی ئاستی کاردانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو نادڵنیاییەی بەرامبەر بەزانیارییەکان هەیانە. ئەم توێژینەوە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، لەوانە: ڕەچاونەکردنی پێوەرە ئاکارییەکان و پێشێلکردنیان دووبارە جەخت کردنەوەیە لەوەی ساختە هەواڵ بە ڕێژەیەکی زۆر لەناو میدیاکاندا بوتە دیاردە و دەشێت میدیا لەو نێوەندەدا متمانەی وەرگر لەدەست بدات، هەروەها هەواڵی سیاسی لای سامپڵی توێژینەوەکە لە پلەی یەکەم دێت کە زیاتر ساختە هەواڵی تێدا بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، دەرکەوتووە بەرتوێژان زۆرجار نادڵنیان لەو زانیاری و هەواڵانەی لە میدیاکاندا بڵاو دەکرێنەوە، هەرکات بەرکەوتەی ساختە هەواڵ دەبن هەوڵ دەدەن کەناڵە میدیاییەکە دەگۆڕن و بۆ دڵنیابونەوە لەڕاستی زانیارییەکان بەدوای سەرچاوەی تردا دەگەڕێن، هەروەها بەرتوێژان پێیانوایە بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا زۆرجار بە ئاگایی دەکرێن و ئامانج ئایدۆلۆژییان لەپشتە، یان ئاکاری خودیش هۆکارێکی ترە بۆ بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ.

**کلیله ووشەکان-** لێکەوتە، پێوەری ئاکاری، ساختە هەواڵ، هەواڵ.

## پێشەکی:

تەکنەلۆژیا ڕوڵی گرنگی لە هاتنەکایەی میدیا هەبووە، هاوکات هەرپێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنیش هەوێنی لە دایك بوونی هەر جۆرێکی میدیا بووە، ئەم گەشەسەندنەی میدیا و فراوانبوونە، بواری بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و ساختە هەواڵ خۆشکردووە، ئەمەش وای کردووە ئەگەری بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ ڕوو لەزیاد بوون بێت. بەتایبەت لە کاتێکدا سەرهەڵدانی میدیای نوێ و درو ست بونی پەیج و سایت و بلۆگەر و یوتیوبەر، ئەو ئەگەرانەی زیاتر کردووە. لەو نێوەندەشدا پەیڕەوکردنی یان نەکردنی بنەما و پێوەرە ئاکارییەکان فاکتەرێکی سەرەکین و ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە تەشەنە سەندنی ساختە هەواڵ، لەکاتێکدا میدایا و ڕۆژنامەوانان هەواڵ و زانیارییەکانیان بڵاو دەکەنەوە. بۆ گەیشتن بەو هەوڵە زانستییە؛ ئەم توێژینەوەیە دابەشکاری کردووە بۆ سێ بەشی سەرەکی، لە بەشی یەکەمدا میتۆدنامەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری و بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بە لایەنی مە یدانی، تیا یدا لەڕێگەی (SPSS-Statistic 25) شیککردنەوەی ئاماری بۆ ئامرازی توێژینەوەکە ئەنجام دراوە و ئەنجامەکانی تیادا خراونەتە ڕوو، لە کۆتاییشدا دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان لەو بارەیەوە خراونەتە ڕوو، هەروەها سەرچاوە بەکار هاتووەکان نمایش کراوە.

## بەشی یەکەم
## میتۆتنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناڕوونیو نادیاری لێکەوتەکانی ڕەچاونەکردنی بنەماو پێوەرە ئاکارییەکانی کاری میدیایی لە بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵدا. بۆ ڕوونکاریی زیاتری کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە، توێژەر چەند پرسیارێك دەخاتەڕوو:

- ئاستی ڕەچاونەکردنی پێوەرە ئاکارییەکان، چ لێکەوتەیەک لەسەر زانیارییە میدیاییەکان درووست دەکات؟

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 3(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n3y2026.pp140-150

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 9 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 23 تشرين الثاني 2025؛ نُشرت في 28 تموز 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: kawa.abdulrahman@univsul.edu.iq, aram.fars1990@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2026 ئارام فارس محەمەد، کاوە عیزەالدین عبدالرحمن. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

- کام جۆری هەواڵ ئەگەری بڵاوبوونەوەی ساختە هەواڵی زیاترە لەدیدی سامپڵی توێژینەوەکەوە؟
- توانای بەرتوێژان لە چ ئاستێکدایە، لەکاتێکدا نادڵنیاییان بەرامبەر بە زانیبەرییە میدیاییەکان؟
- کاردانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو نادڵنیاییەی هەیانە بەرامبەر بەزانیارییەکان لە چ ئاستێکدایە؟

**دووەم: بایەخی توێژینەوەکە:** بایەخی ئەم تۆێژینەوەیە لە سێ لایەنەوە خراوەتەڕوو، ئەوانیش:

**بایەخی لە رووی هۆشیاری کۆمەڵایەتیەوە:** ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا، لە پێناو سودی گشتی و بە ئامانجی بەرەوپێشبردن و هۆشیاری کۆمەڵ و بایەخدان بە ژیانیان و گرنگیدان بە بەها باڵاکان و خواست ویستەکانیانە. لە کاتێکدا تاکەکانی کۆمەڵگا رۆژانە بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو پەیامانە دەبێت کە دەچنە چوارچێوەی ساختە هەواڵەوە، گرنگە هۆشیارییەکی میدیایی وەهایان لادرووست ببێت، بتوانن تا رادەیەکی باش ساختە هەواڵ بناسنەوە.

**بایەخی لەرووی ئەکادیمییە:** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی نوێ لە روی ئەکادیمیەوە سودبەخشن بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان. بەتایبەت لەم ساتەدا کە ساختە هەواڵ ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە ڕاکێشانی وەرگر هەروەها بایەخی دەبێت بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەتایبەت لەبواری میدیا، ڕۆژنامەوانانو توێژەرانو خوێندکارانی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەتوانن سودی لێوەربگرن، دەشبێتە بنەمایەکی زانستی بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو،

**بایەخی لەرووی پیشەییەوە:** دەستنیشانکردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە، لە پێناو بەرەوپێشبردن وکارکردنی پیشەییانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان، و هەوڵێکە تا ببێتە پاڵنەرێک بۆ ڕێنوێنیکردنی رۆژنامەنوسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئەو زانیاریانەی ڕۆژانە دەستیان پێیدەگات،

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:** هەر توێژینەوەیەکی زانستی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانج یاخود چەند ئامانجێکی دیاریکراوی زانستی و بابەتیی ئەنجام دەدرێت، توێژەریش چەند ئامانجێکی دیاریکردووە بە مەبەستی بەدیهێنانیان، کە پێک هاتوون لە:

- زانینی ئەو لێکەوتانەی کە پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر زانیارییە میدیاییەکان درووستی بکات.
- خستنەڕووی ئەو جۆرەی هەواڵ؛ کە ئەگەری بڵاوبوونەوەی ساختە هەواڵی تیادا زیاترە.
- دەرخستنی ئاستی نادڵنیایی بەرتوێژان بەرامبەر بە زانیبەرییە میدیاییەکان.
- زانینی ئاستی کاردانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی گومان بەرامبەر بە زانیارییەکان.

**چوارەم: هەنگاوە میتۆدیەکانی توێژینەوەکە:**

**١ـ جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە "The descriptive research"، هەوڵی زانینی هێز و توانا و ئاراستەی نێوان گۆڕاوەکان دەدات، توێژەر؛ میتۆدی (ڕوپێوی) "Survey methods" بەکار هێناوە، بەژمارە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی وورد و دیاریکراو.

**٢ـ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە؛ توێژەر مامۆستایانی سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی دیاری کردووە بۆ وەڵامدانەوەی ئامانجەکانی ئەم توێژە لە کۆمەڵگە وەرگیراوە بە هۆکاری ئەوەی مامۆستایانی خوێندنگە ئامادەییەکان کاریگەریان زۆرە لەسەر پێگەیاندنی تاک بە هۆی پیشەکەیانەوە:

**یەکەم:** پەروەردەی ڕۆژهەڵات: مامۆستایانی خاوەن بڕوانامە کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانین، دابەشبوون بەسەر (٤٤)ئامادەییدا و ژمارەی مامۆستایانیان (١٤٥٩)مامۆستایە.

**دووەم:** پەروەردەی ڕۆژئاوا: مامۆستایانی خاوەن بڕوانامە کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانین، دابەشبوون بەسەر (٧٨)ئامادەییدا و ژمارەی مامۆستایانیان (٣٠٢٤)مامۆستایە.

**٣ـ سامپڵی توێژینەوەکە:**

وەک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو؛ کۆمەڵگەیەکی فراوانە و ژمارەی ئەندامەکانی زۆرە، هەربۆیە توێژەر بۆ دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوەکە؛ بە پێویستی زانی ڕێگەی سامپڵی (هەڕەمەکی فرەقۆناغ) هەڵبژاردووە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شاری سلێمانی دابەشکراوە بەسەر دوو ناوچەی جوگرافیدا کە پەروەردەکانی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)یە، پاشان دابەشکردنی هەردوو بەڕێوەبەرێتییەکە بۆ ژمارەی خوێندنگەکان، توێژەر بەهەڕەمەکی (١٠) خوێندنگەی ئامادەیی وەرگرتووە، بۆ هەریەک لەو دوو بەڕێوەبەرێتییە (٥)خوێندنگەی وەک سامپڵ دەستنیشانکردووە، و لە ڕێگەی دەستییەوە فۆرمی ڕاپرسییەکەی بەسەر مامۆستایانی سامپڵی توێژینەوەکەدا دابەش کرد، خشتەی ژمارە (١) ئەوەی تێدا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی(١)**

**خستنەڕووی سامپڵی توێژینەوەکە**


| پەروەردەی گشتی | قوتابخانە | ژ. مامۆستا | وەڵام نەدرواوە | پوچەڵ | کۆی گشتی سامپڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | کوردستان | ٥٠ | ٣٦ | ٢٢ | ٢٧٤ |
| | سلێمانی | ٥٠ | | | |
| | شەپۆل | ٢٥ | | | |
| | ئەزمڕ | ٢٠ | | | |
| | شەهید جەمال تاهیر | ٤٥ | | | |
| کۆ | | ١٩٠ | | | |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | سەروەران | ٢٥ | ٤٤ | ٢٤ | |
| | عزالدین مستەفا ڕەسوڵ | ٥٠ | | | |
| | سلێمانی | ٢٥ | | | |
| | ڕازاوە | ٦٥ | | | |
| | پیشەسازی | ٤٥ | | | |
| کۆ | | ٢١٠ | | | |

**٤ـ ناساندنی سامپڵی توێژینەوەکە:**

یەکەم: دابەشکردنی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز: ڕەگەزی مێ لەسامپڵی توێژینەوەکە ژمارەیان(١٩١)کەسە، بە ڕێژەی (٦٩,٧١%) و (٢٥٠,٩٤٨ ○) پلەی لەسەر بازنەکە بەدەستهێناوە و لەپلەی یەکەمدایە، بەڵام ڕەگەزی نێر


بەچەندبارەی(٨٣) (°١٠٩,٠٥٢) پلەی لە کۆی گشتی بەدەستهێناوە و بەرێژەی (%٣٠,٢٩) لە پلەی دووەم دێت. زۆری ژمارەی مێ لە ڕاپێویەکەدا دەشێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، زۆرینەی ژنان پیشەی مامۆستایی هەڵدەبژێرن. شێوەی ژمارە (١) ئەوەی تیادا خراوەتەڕوو.

**شێوەی (١)**
**ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە**




**دووەم: دابەشکردنی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی شوێنی جوگرافی:** بەرتوێژان بەپێی شوێنی جوگرافی بە پلەی یەکەم مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی سەر بە ڕۆژئاوان بە ڕێژەی (%٥٠,٠١) بە چەندبارەی (١٤٨) کەس. دواتر مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی ڕۆژهەڵات دێت بە چەندبارەی (١٢٥) کەس و ڕێژەی (%٤٥,٦٢). جۆری سامپڵی هەڕەمەکی فرەقۆناغ هۆکاری پاراستنی ئەو هاوسەنگییە لە نێوان هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. شێوەی ژمارە (٢)ئەوەی تیادا خراوەتەڕوو.

**شێوەی (٢)**
**شوێنی جوگرافی سامپڵی توێژینەوەکە**




**پێنجەم: بوارەکانی توێژینەوەکە:**

**بواری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سێ ڕەهەندا دەبینێتەوە کە بریتین لە:**

**یەکەم: بواری مرۆیی:** بریتین لە مامۆستایانی خوێندنگا ئامادەییەکانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانی، کە پێک دێت لە هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە کۆی گشتییان(٤٤٨٣)مامۆستان، (٤٠٠)کەس وەک سامپڵ بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە، (٢٧٤)کەسیان فۆرمەکەیان بەتەواوەتی پڕکردۆتەوە،

**دووەم: بواری کات:** لەم توێژینەوەیەدا بواری کات ئەو ماوەیەیە کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی تیدا ئەنجامدراوە، کە لە کۆکردنەوەی زانیاریەکان و شیکردنەوەیان و دابەشکردنی فۆرمی ڕاپێوی و وەرگرتنەوەی لە ماوەی (٢٠٢٥/٥/١)-(٢٠٢٥/٦/١)دا.

**سێیەم: بواری شوێن:** توێژەر شاری سلێمانی دیاریکردوە کە خوێندنگا ئامادەییەکانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانییە کە پێک دێت لە هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، و فۆرمی ڕاپێویەکە بەسەر مامۆستایانی ئامادەییەکانی ناوەندی ئەو پارێزگایەدا دابەشکراوە.

**شەشەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر یەک ڕێگەو ئامرازی بەکارهێناوە، ئەویش ڕاپێوی (الإستبان) وەك ئامرازێك بۆ زانین و تێڕوانینی بەرتوێژان بۆ بابەتی ئەم توێژینەوەیە بەکارهێنراوە.

**٢- ڕاستی و جێگیری فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: ڕاستی تایبەت بە فۆرمی ڕاپرسی:**

بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسییەکە، توێژەر پشتی بە کۆمەڵێک هەڵسەنگێنەری پسپۆڕی ئەکادیمی بەست، لە بوارە جیا جیاکانی تایبەت بە ناوەڕۆکی فۆرمەکە، بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر ئاستی گونجانی فۆرمی ڕاپرسییەکە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی توێژەر مەبەستییەتی بەدییان بهێنێت، دوای گێڕانەوەی فۆرمی ڕاپرسییەکە، بۆ بەهێزکردن وبەرزکردنەوەی ئاستی پێوانەکردنی بڕگەکان، دەرەنجام هەڵسەنگێنەران بە تێبینییەکانیان چەند گۆڕانکارییەکیان پێشنیار کرد، پاش پێداچوونەوە بە بۆچوون و پێشنیارەکانی لێژنەی پسپۆڕ، وە لابردنی هەندێک لە پرسیارەکان، دواجار بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمەکە، دەرکەوت کە پسپۆڕان بە ڕێژەی (%٩٦,٨٥) ڕێکەوتنیان هەیە لەسەر بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە، ئەمەش توانای پرسیارەکان پشتڕاست دەکاتەوە، کە لەتوانایدایە پێوانەی ئەو ئامانجانە بکات کە توێژەر مەبەستییەتی بیانهێنێتە دی.

**دووەم: جێگیری تایبەت بە فۆرمی ڕاپرسی:**

شێوازی دووبارە تاقیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەسەر ڕێژەیەکی دیاریکراو لە سامپڵی توێژینەوەکە، یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکان بۆ هەژمارکردنی متمانەبوون بە پێوەری ڕاپرسییەکە، توێژەر پێوەرەکەی بەسەر (٢٠)کەسی سامپڵی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد بەڕێژەی (%٧)، دوای تێپەڕبوونی دووهەفتە تاقیکردنەوەکە بەسەر هەمان ڕێژەدا دووبارە کرایەوە، پاشان لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (پێرسۆن)بۆ پەیوەندی لەنێوان یەکەم و دووەم تاقیکردنەوەدا، دەرەنجام دەرکەوت بەڕێژەی (%٧١) پەیوەندیی لەنێوانی هەردوو تاقیکردنەوەکەدا بوونی هەیە. خشتەی ژمارە (٢) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٢)**
**تاقیکردنەوەی (پێرسۆن) بۆ خستنەڕووی جێگیری**

| تاقیکردنەوە | ژ. سامپڵ | هاوکۆلکەی پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| یەکەمجار | ٢٠ | ٠,٧١ | ٠,٠٠١ |
| دووەمجار | | | |

## حەوتەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر کۆمەڵێک توێژینەوەی پێشووی کەوتەبەرچاو، کە پەیوەندیداربوون یان نزیکایەتییان لەگەڵ بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەیە و یارمەتیدەر بوون لە زیاتر قووڵ بوونەوە لە کێشە و ئامانج و هەڵبژاردنی میتۆدی گونجاو بۆ توێژینەوەکە.

### ١ـ کامیل عمر و نەوزاد صدیق (٢٠٢١) هەواڵی ساختە لەسۆشیال میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستان.

توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە بە زمانی کوردی نوسراوە، لەم توێژینەوەیەدا کە لە جۆری وەسفییە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک(Exploratory study) بەکارهێنراوە، لەڕیگەی فۆکس گروپەوە(Focus group interview) داتاکانی رونکراوەتەوە، **ئامانجەکانی بریتین لە:** ئاستی بڵاوی ساختە هەواڵ لە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستان چەندە و ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ چیە لە سۆشیال میدیای کوردی؟، **ئەنجامەکان دەریدەخەن:** بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە سۆشیال میدیای کوردی بوەتە دیاردەیەکی بەربڵاو ئەو هەواڵانەی بڵاودەکرێنەوە بۆ مەرامی جۆراوجۆری سیاسی و ئابوریی و زیاد کردنی ئەکتیفی پەیجەکان، هەروەها بۆ پەرتکردنی سەرنجی بەکارهێیەران لە هەندێک بابەتی گەرمی رۆژانە و بۆ سەرقاڵکردنیانە بە هەندێک بابەتی ترەوە بەگشتی.

### ٢ـ محمود عبد الحليم & مروة عبد العزيز محمد عرفة (٢٠٢٥) تأثير استراتيجيات الحد من عدم اليقين علي مصداقية الأخبار بوسائل الإعلام الرقمية لدي طلبة الجامعات:

ئەم توێژینەوەیە بە زمانی عەرەبی نوسراوە، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفیە ئامرازی راپێوی بەکارهێناوە لە ریگەی فۆڕمی راپرسیەوە داتاکانی کۆ کردوەتەوە، سامپڵی توێژینەوەکە لە (٤٠٠) خوێندکاری زانکۆ پێکهاتوون کە پسپۆڕییان لە بواری میدیادا هەبووە، لە زانکۆکانی میسر و ئیماراتی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** بریتیە لە کاریگەرییە ستراتیژییەکانی کەمکردنەوەی نادڵنیایی لەسەر متمانەپێکردنی ئەو هەواڵانەی کە خوێندکارانی زانکۆ لە ڕێگەی دیجیتاڵ میدیاوە دەستیان دەکەویت. تیشک دەخاتە سەر خوێندکاران کە چۆن ڕووبەڕووی ساختە هەواڵ دەبنەوە چۆن جیاکردنەوەی هەواڵی دروست و چەواشەکارانە ئەنجام دەدەن، و چۆن دەتوانن ستراتیژی تایبەت بەکاربهێنن بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیاری و کەمکردنەوەی گومان. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تیۆری کەمکردنەوەی نادڵنیایی دامەزراوە، کە گریمانە دەکات کە تاکەکان بەدوای کەمکردنەوەی گوماندا دەگەڕێن بە گەڕان بەدوای سەرچاوەی تردا و پشتڕاستکردنەوەی ئەوانەی کە هەیە.

**لە ئەنجامدا دەرکەوتووە:** کە(٦٠,٨%)ی خوێندکاران زۆر پشت بە میدیا دەبەستن، خوێندکاران لە ماوەی شەش مانگدا چەندین جار بەرکەوتەی هەواڵی ساختە بوون. توێژینەوەکە دەریخستووە کە خوێندکاران زۆر پشت بە ستراتیژییەکانی پشکنینی هەواڵەکان دەبەستن، وەک چاوەڕوانی ڕووماڵکردن لە سەرچاوەی دیکەوە یان بەکارهێنانی شیکارییەکانی خۆیان. لە بەرامبەردا، ستراتیژییەکانی پشتڕاستکردنەوەی وەک کەسێکی چالاک و شارەزا، ئەویش لە ریگەی گەڕان بەدوای سەرچاوەی جیاواز و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پشکنینی ڕاستی دیجیتاڵی، کە کاریگەرن بۆ کەمکردنەوەی گومان و زیادکردنی متمانە بە هەواڵەکان.

### ٣ـ حاتەم عەلی (٢٠١٧)، المعايير المهنية والآخلاقية للصحافة الآلكترۆنية الفلسطينية:

تێزێکە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتورا پێشکەش بە بەشی روژنامەی زانکوی سودان بۆ زانست و تەکنەلۆجیا کراوە لە توێژینەوە وەسفییەکانە لە ریگەی ئامرازی شیکاریی و راپێوییەوە و لە شێوەی مانگێکی دەستکردا زانیارییەکانی کۆکردووتەوە بۆ کومەڵگەی توێژینەوەکەی کە پێکهاتووە لە هەردوو روژنامەی قودس و نیورک تایمز بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەرەپیشەییەکان لە رێگەی ئەو یاسا کارپێکراوانەی کاری رۆژنامە ئەلکترۆنییە فەلەستینییەکانی رێکخستووە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە تێگەیشتن لە پێوەرە پیشەیی و ئاکارییەکان کە رەنگە کۆنترۆڵی رۆژنامەی ئەلەکترۆنی بکات، لەلایەکی ترەوە ئامانجی توێژە دەرخستنی توانای پێگەرۆژنامە فەلەستینییەکانە لە پێشکەشکردنی خزمەتێکی پێشکەوتوو هەروەها کارکردن بۆ بەگەرخستنی پەیماننامەی ئاکاری میدیایی رۆژنامە ئەلکترۆنییەکان.

لە گرنگترین ئەنجامەکانی بڵاوکراوە ئەلکترۆنییە ناپیشەییەکان کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر بوارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فیکرییەکان، هەروەها دەرکەوتووە کە رۆژنامەی قودس تارادەیەک پیشەییبوون و راستگۆیی و بێلایەنی لە گواستنەوەی زانیارییەکانیاندا رەنگی داوەتەوە و گەشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە رۆژنامە ئەلکترۆنییە فەلەستینییەکان ئازادییەکانیان دیاریکراوە بە رپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و بنەما تەشریعییەکان رۆژنامەنووسان پابەند دەکەن بەپێوەرە پیشەیی و ئاکارییەکانەوە.

**هەشتەم: پێناسەی ڕێکاری چەمکەکانی توێژینەوەکە:** لێرەدا گرنگترین ئەو چەمکانە دەخەینە ڕوو کە بەکارهاتوون، کە مەبەست لێی تێگەیشتنە لە مانا و ڕۆڵی ئەو چەمکانە لە ناو ئەم توێژینەوەیەدا.

لێکەوتە: مەبەست لەو لێکەوتانەیە کە لە لەسەر هەواڵ و زانیارییەکان درووودت دەبێت. لە ئەنجامی پەیرەو نەکردنی پێوەرە ئاکارییەکان لە لایەن میدیاو خودی ڕۆژنامانووسانەوە.

پێوەرە ئاکارییەکان: توێژەر مەبەستی لە پێوەرە ئاکارییەکانی وەک (راستگۆی، بەرپرسیارییەتی، وردی، هاوسەنگی، بێلایەنی، سەبەخۆی،)یە کە دەبێت رۆژنامەوان ڕەچاوی بکات لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ.

هەواڵ: مەبەست لەو روداو و زانیارییانەیە کە میدیاکان بڵاویدەکەنەوە و جێگای بایەخی وەرگرە.

ساختە هەواڵ: ئەو زانیاریە ناڕاستانەیە کە بەمەبەست لەلایەن میدیاکانەوە بۆ راکێشانی سەرنجی وەرگر بڵاو دەکرێنەوە و بنەماو پێوەرە ئاکاریەکان پەیڕەوی ناکەن.

**نۆیەم: تیۆری نادڵنیایی (Uncertainty Reduction theory ):** زانایانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە؛ بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و پێشبینیکردنی کارلێکی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان چەندین تیۆریان بەکارهێناوە. یەکێک لەو تیۆرانە کە جێی گرنگیدانی میدیایە، تیۆری کەمکردنەوەی نادڵنیاییە، هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەوە دەدات کە چۆن مرۆڤەکان ستراتیژییەتی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن بۆ کەمکردنەوەی نادڵنیایی سەبارەت بەو زانیارییانەی وەریاندەگرێت. تیۆرەکە ئەوە پیشان دەدات کە مرۆڤەکان نارەحەتن لە نادڵنیاییان، بەردەوام لە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئەو نادڵنیاییە؛ و بەدوای ئامرازی جێگرەوەدا دەگەڕێن. بەیەکێک لە بنەڕەتیترین تیۆرییەکانی زانستی پەیوەندیکردن دادەنرێت، کەلە ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن چارلز ئاڕ بێرگەر و ڕیچارد جەی کالابریسەوە ناسێندرا. ئەم تیۆرییە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن مرۆڤ لە پەیوەندیکردنی یەکەم جاردا بۆ دەستبەسەرداگرتنی زانیاری و کەمکردنەوەی نادڵنیایی بۆ پێشبینی و ڕێنوێنی ڕەفتاری دیکە هەوڵ دەدات. بە تێپەڕبوونی کات بەهۆی زۆربوونی پەیامە میدیاییە ناڕاستەکان و زۆربوونی پەیامە نادروستەکان و ساختە هەواڵ، تیۆری نادڵنیای بەشێوەیەکی کاریگەر بۆ سیاقی میدیا بەکارهاتووە.

تیۆرەکە لە میدیادا بەواتای کەمکردنەوەی نادڵنیایی لەڕێگای سێ قۆناغی زانیاری وەرگرتنەوەیە کە بریتین لە: (چاودێریکردن، پرسین لە کەسانی سێیەم، گفتوگۆی

ڕاستەوخۆ). کەلەڕێگەی کەمکردنەوەی نادڵنیاییەوە. ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک گۆرانکاری تێدا دروست دەبێت، سەرەنجام پەیوەندیکردنێکی دروست دێتە کایەوە، بە تایبەتییش لە نێوان نێرەر و وەرگر؛ ئەم کەمکردنەوەی نادڵنیاییە هاوکار دەبێت بۆ کەمکردنەوەی نادڵنیایی و هەڵسەنگاندنێکی ڕاستی و دروستی پەیامە میدیاییەکان. پاشانیش دەگۆڕێت بۆ بنەمای لێکتێگەیشتن و درووستبوونی متمانە.

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### یەکەم: چەمک و پێناسەی ئیتیک:

لە ڕووی زمانەوانییەوە ئیتیک (ethice) لە بنەڕەتدا لە وشەی (etos)ی گریکی هاتووە، واتای کەسایەتی کاراکتەر(character)دەگەیەنێت واتە مرۆڤ دەتوانێت چی بکات بۆئەوەی کەسایەتییەکی باشی هەبیت، هەروەها لە فەرهەنگی ڕۆژئاوادا زاراوەیەکە واتای ڕەوشت دەگەیەنێت، وەپێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی کردارو گوفتارو هەڵسوکەوتی خراپ. هەروەها لەزمانی عەرەبیشدا بە ووشەی (أخلاق) ناودەهێنرێت لە ووشی (خلق)ەوە هاتووە کۆیەکەی (أخلاق)ە، وە دەلالەت لە چەند مانایەکی جیاواز دەکات وەک "چاکەو پیاوەتی و خوی باش و هەموو هەڵسوکەوتێکی چاک لە کەسایەتی مرۆڤدا بە فیترە هەبن. ئیتیک، بریتیە لەهەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لە ژینگە و زەمەنێکی دیاری کراودا، لەڕێگەی ئەو پێوەرو بنەما ئەخلاقیانەی کەلەبنەڕەتدا مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دیاری کردوون.

یاخود "ئیتیک بەهاو ڕێساو ژیانە کە تاک، گروپ یان کلتور لەڕێی گەڕانیدا لەبارەی ڕێنماییە مرۆییەکان پەیی پێ دەبات، چی باشەو چی خراپە، چی ڕاستە چی هەڵەیە. کەواتە ئیتیک کۆمەڵە بنەمایەکە خەڵکی کۆمەڵگەیەک لەسەردەمەکاندا بەڕێسای ڕفتاری کۆمەڵایەتی دایدەنێن و لەخودی خۆیانەوە پەیڕەوی دەکەن، دەنا سەرپێچی کار خۆی توشی قێزەون بون و ڕەخنەی کۆمەڵگا دەکات و هەندێک جار ویژدانی نارەحەتە و ئازاری دەدات.

هەروەها لە ئێستادا ووشەیەکی نوێ لەبەرامبەر ووشەی ئتیک بەکاردێت ئەویش ووشەی (مۆڕاڵە). ئەم زاراوەیەش لەبری ئەخلاق بەکاردێت و لە ووشەی (mores)ی لاتینیەوە وەرگیراوەو بریتیە لە: کۆمەڵێک پێوەری پەسەند کراوی گشتی و هۆشیاری و هۆشمەندیکاری ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییە.

### دووەم: گرنگیی(ئیتیک) پێوەرە ئاکارییەکانی ڕۆژنامەوانی

١ـ ڕۆژنامەوان لەکاتی بەدواداچون و ڕوماڵکردنی بەرهەمە ڕۆژنامەوانیەکاندا، ڕاستیەکان نەشێووێنیت و فرت و فیڵی خۆی بەکار نەهێنێت و دەستی لەگەڵ پیاوانی پۆلیس و دەزگا هەواڵگریەکان تێکەڵ نەکات، ڕێگەی سیخوری نەگرێتەبەر.

٢ـ ڕێ لە ڕۆژنامەوان دەگرێت لەکاتی چاوپێکەوتن و وەرگرتنی لێدوان و بەرپرس و سەرچاوەکانی زانیاریدا ووتەی خۆی تیکەڵاو نەکات و قسەکانیان نەگۆڕێت، بەرتیل وخەڵات و دیاری ئەم و ئەو وەرنەگریت.

٣ـ دەبێ میدیا ڕۆڵی ناوبژیکەر ببینێ و ئەو بابەتانە بوروژێنێت کە ڕاستن و لەوڕاستیەشدا سنورەکان نەبەزێنێت. چەواشەکاری و دەستکاری ڕۆژنامەگەری کاریگەری نەرینی دەکاتە سەر متمانەی وەرگر لەسەر ڕۆژنامەوان و میدیاکە.

### سێیەم: بنەماکانی پەیڕەوکردنی (ئیتیک) پێوەرە ئاکارییەکان:

جەند بنەمای ئاکاری هەن دەست نیشانی پیشەیی کاری میدیایی لەهەر ناوەندێکی میدیاییدا دەکەن و پێویستە لەسەر ڕۆژنامەوان پێیانەوە پابەند بیت بنەماکانیش ئەمانەن:

١ـ سەربەخۆیی: ڕۆژنامەوان ناچێتە ژێر فشاری ئاڕاستە کردنێک یان ڕێنمای کردنێک یان هەڕەشە لێکردنێکی پەیوەست بە پیشە ڕۆژنامەییەکەیەوە، جا لەهەر لایەنێکەوە بێت.

٢ـ وردی: بڵاوکردنەوەی ڕاستیەکان لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ وردبینی لەوانەی وەرگیراون و ئەوانەشی کە وتراون، واتە ڕەچاوی ئەوە بکەن گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی وێنەکەدا نەکرێت، ڕاستیەکان نەشێوێنرێت.

٣ـ-بەرپرسیارێتی: جەماوەر مافی خۆیەتی ڕوداوەکان بزانێت کە بایەخێکی گشتیان هەیە، ئەمەش ئەرکی سەرەکی ڕۆژنامەوان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، هەروەها ڕونکردنەوەی هەواڵەکان وبڵاوکردنەوە و دابەشکردنیان ئەرکی ئەوانە، کە مەبەست لێی خزمەتکردنی ڕاستی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتیە.

٤ـ-هاوسەنگی: بە پێدانی هەلی وەک یەکە بە لایەنە جیاوازەکان تا ڕاو بۆچونی خۆیان بخەنەڕوو، بەجۆرێک وەرگر بتوانێت گشت زانیارییە پێویستیەکانی سەبارەت بەمەسەلەی دیاری کراو یان ڕووداوەکان دەست بکەوێت.

٥ـ ڕاستگۆی: ڕاستی بزوێنەری ڕاگەیاندنە، گەیشتنیش بەو راستیانەش بەهۆی ڕێگە کورت و پێچاوپێچەکانەوە نابێت کە ووردی و ڕاستگۆی واقیعیەتەکەی بروشێنێت، بەڵکو گەشتن پێی لە ڕێگەی سەختەوە دەبێت.

٦ـ-دەست پاکی: ڕۆژنامەنوسان هەوڵ دەدەن دەستپاک و بەویژدان بن لە ڕێی ئامادەنەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵی تاک لایەنەوە، بگرە تێدەکۆشن تا ڕایەکی پێچەوانەی ئەو ڕایەشیان دەست بکەوێت بێ ئەوەی لایەنگیری هیچ لایەکیان بکەن.

٧ـ بێلایەنی: کۆڵەکەی بنەرەتیە لەکاری ڕۆژنامەوانیدا بە تایبەت هەواڵ، سەرجەم ژانەرە ڕۆژنامەوانیەکانی تر دەبێت خاڵی بن لە هەر ڕاو بۆچونێکی کەسی.

٨ـ دادپەروەری: دادپەروەریش ئەوە دەخوازێت ڕۆژنامەوان دوور بکەوێتەوە بەپێی توانا لە شێوازەکانی زیادەڕۆیی و وروژاندنی بێئەرزش.

٩ـ بابەتیبون: مەبەست لێی گەڕانە بەدوای ڕاستیدا، ڕوماڵەکە لەسەر بنچینەی هەمەلایەنی ڕاستیەکان و دورکەوتنەوە لە لایەن گیری و هەبونی جیاوازی نێوان هەواڵ وڕا.

### چوارەم: چەمک و پێناسەی ساختە هەواڵ:

ئەم چەمکە: لە زمانی ئینگلیزیدا بە "fake new" ناسراوە، لە زمانی عەرەبیشدا بە "الأخبارالكاذبة" یان "الأخبار زائفة" ناو دەبردرێت. وا باوە ساختە هەواڵ لە بنچینەدا درۆ بێت، بەڵام سەرچاوەکان دەڵێن مەرج نییە هەواڵەکە لە بناغەدا هەمووی درۆ بێت، هێندەی ئەوەی یاری بە ناوەرۆکەکەی دەکرێت و دەشێوێندرێت، دەستکاری دەکرێت، هەروەک disinformation ، misinformation زۆرجار بۆ ئەو هەواڵ و بابەتانەی بە چەواشەیی بڵاو دەکرێنەوە، بەکاردێت.

ساختە هەواڵ ڤایرۆسی زانیاریە لە میدیادا کە زۆرجار خۆی لە راپۆرتە هەواڵێکدا دەخاتەڕوو، یان بریتیە لە جۆرێک لە ڕۆژنامەگەری زەرد کە پێکدێت لە زانیاری هەڵە یان فێڵ یان بە ئەنقەست دەستکاریکردن و گۆرانکاری لە زانیاری لە پێگەی میدیای چاپکراو و میدیای کلاسیک یان سۆشیال میدیا، یاخود بە مەبەست و پشتڕاستکردنەوەی هەواڵی ناڕاستە کە لەلایەن دەزگایەکی هەواڵەوە بڵاو دەکرێتەوە.

یان جۆرێکە لە زانیاری ناڕاستی لەگەڵ لێدوانی چەواشەکارانە یان درۆ کە ڕەنگە پەیوەندی بە ڕووداوە ڕاستەقینەکانەوە هەبێت یان نەبێت، کە مەبەستی سەرەکی ڕاکێشانی وەرگرە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی کلیک و پشکی زیاتر و مسۆگەرکردنی داهاتی زیاتری ڕیکلام یان قازانجی ئایدیۆلۆژی.

**پێنجەم: ئامانجەکانی ساختە هەواڵ:** کەناڵ یان نێرەر چەندین ئامانجی جۆراوجۆری هەیە کە بێ مەبەست یان بەمەبەست هەواڵێکی ساختە بڵاو دەکاتەوە ئەوانیش:

١ـ ئامانجی سیاسی: سیاسەت بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان پشت بە درۆ دەبەستێت وەک ئامرازێک بۆ فریودان و تێکدانی دەروونی وەرگر و کاریگەرە بۆ خزمەتکردنی ئامانجە جیاوازەکانی سیاسییەکان، مەبەست لێی ئامانجەکانی سیاسەتە.

٢ـ ئامانجی بازرگانی: دروستکردنی هەواڵی ساختە، بازرگانیەکی قازانج بەخشە. یان فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵە، پێشتر سەلماندوویەتی کە پشکێکی سەرنجڕاکێشی بازاڕە.

٣ـ ئامانجی جەنگ: دەوڵەتان بەپێویستی دەزانن کە هەواڵی ساختە بەرەو پێشەوە ببەن، بە ئامانجی ناسەقامگیری ئاسایش، ڕۆڵی خراپیان گێڕاوە لە نانەوەی پشێوی و جەنگ لەنێوان دەستەو تاقم و وڵاتان.

٤ـ ئامانجی ئایدیۆلۆژی: کەسانێک کە باوەڕیان بە کۆمەڵە بەهایەکی دیاریکراو هەیە و دەیانەوێت لایەنی بەرامبەر تێکبدەن و زەلیل و بێناوبانگ بکەن بە بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ ئاسانکارییان بۆ دەکرێت، وەک ئامرازێک بۆ باڵادەستی ئایدیۆلۆژی.

٥ـ ئامانجی هەڵبژاردن: زۆر هەواڵی ساختە بۆ وروژاندن و چڕکردنەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی دروستکراون. کاتێک هەر لایەنێکی ململانێیەک "ڕاستی"ی خۆی هەبێت، دەبێتە هۆی جەمسەرگیری زیاتر لەناو کۆمەڵگاکاندا و دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەبێت.

**شەشەم: جۆرەکانی ساختە هەواڵ:** ساختە هەواڵ جۆری جیاوازی هەیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بیانخەینەڕوو:

١ـ گاڵتەجاڕی: هیچ نیازێکی نییە زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت بەڵام ئەگەری هەیە زیان بگەیەنێت، هەندێک کاتیش دەبێتە هۆی بێزارکردنی کەسانی دیکە کە بە ئامانجی کات بەسەربردن بڵاودەکرێنەوە.

٢ـ مانشێتە چەواشەکارەکان: میدیاکان بەشێوەی گشتی کە پێک دێن لە ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان، سایتەکانی هەواڵ یان وەسفکردنی بابەتەکان لە پۆرتاڵە ئۆنلاینەکاندا سەرنجی خەڵک ڕادەکێشن بە مانشێتەکانیان، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە هەواڵەکان چ ناوەڕۆکێک دەخەنەڕوو.

٣ـ ناوەڕۆکی ساختە: وەک: ناوەڕۆکی هەڵبەستراو، دەستکاریکردنی زانیاری یان وێنە بۆ فریودانی وەرگر، بەرچاوترین کاریگەری نەرێنی دەبێت. هەروەها دەستکاریکراو ئەوانەش دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە گۆڕینی مانای لێدوانێکەوە هەیە بەبڕینی ڕستەکان.

٤ـ ڕۆژنامەگەری خراپ: هەندێک جار ڕۆژنامەنووسان کاتیان نییە پێش بڵاوکردنەوە هەموو ڕاستییەکان بپشکنن، ئەمەش لە ئەنجامدا ئەو هەڵانەی کە بە نیازپاکی ئەنجام دەدرێن دەگۆڕدرێن بۆ ساختە هەواڵ.

٥ـ دەستکاریکردنی فۆتۆگرافی: دەستکاریکردنی وێنە یان فیلمە ڕاستەقینەکان بۆ دروستکردنی گێڕانەوەیەکی ساختە.

٦ـ ڕیکلام: پێدانی زانیارییە سەبارەت بە بەرهەم و خزمەتگوزارییە نوێیەکان و سەرنجڕاکێشانی وەرگرانە لەسەر کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو.

## بەشی سێیەم
## لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

**یەکەم/ جۆری ئەو هەواڵ و زانیاریانەی کە بەرتوێژان لە کەناڵە میدیاییەکانەوە بەرکەوتەی دەبن.**

**خشتەی (٣)**

**بەرکەوتنی بەرتوێژان بە جۆری ئەو هەواڵ و زانیاریانەی لە میدیادا بڵاودەکرێنەوە**

| جۆر | دووبارە | ڕێژە | پلە |
|---|---|---|---|
| سیاسی | ١٧٢ | %١١,٨٥ | ١ |
| کۆمەڵایەتی | ١٦١ | %١١,١٠ | ٢ |
| تەندروستی | ١٥٨ | %١٠,٨٩ | ٣ |
| ئابووری | ١٤٨ | %١٠,٢٠ | ٤ |
| ئاینی | ١٤٣ | %٩,٨٦ | ٥ |
| پەروەردەیی | ١٣٤ | %٩,٢٤ | ٦ |
| زانستی | ١٢٥ | %٨,٦١ | ٧ |
| وەرزشی | ١١٠ | %٧,٥٨ | ٨ |
| کاتبەسەر بردن | ١٠٤ | %٧,١٧ | ٩ |
| کەلتوری | ١٠١ | %٦,٩٦ | ١٠ |
| ژینگەیی | ٩٥ | %٦,٥٥ | ١١ |
| کۆ | ١٤٥١ | %١٠٠ | |

وەک لە خشتەی (٣) دا دەردەکەوێت: بەرتوێژان بە پلەی یەکەم بەرکەوتەی هەواڵ و زانیاری سیاسین، لە پلەی دووەم زانیاریە کۆمەڵایەتیەکان دێت، هەروەها پلەی سێیەم بۆ هەواڵ وزانیاری پەیوەندیدار بە لایەنی تەندروستیە، و پلەی چوارەمیش لەبەرژەوەندی هەواڵە ئابوریەکانە، کە مامۆستایان بەرکەوتەی دەبن، هەروەها ئاینی لە پلەی پێنجەم دێت، پەروەردەیی لە پلەی شەشەم دێت، زانستیش لە پلەی حەوتەم هاتووە، هەریەک لە هەواڵی وەرزشی، کاتبەسەربردن، کەلتوری، ژینگەی پلەی هەشتەم تا پلەی یانزەیان لە ڕیزبەندییەکە گرتووە. بە پێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە هەواڵە سیاسییەکان زۆرترین تەماشاکەریان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی ڕوودەدات، هەرێمی کوردستانیش لەو ململانێ سیاسییە بێبەش نییە. ململانێی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقیش بەشێکی ترە لەو کاریگەرییانە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە بەشێوەیەکی گشتی تاکی کورد کاردانەوەیان بۆ بابەتە سیاسییەکان زیاتربێت.

**دووەم/ دیاری کردنی جۆری ئەو هەواڵ و زانیاریانەی کە ئەگەری بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵیان زیاتر**

**خشتەی (٤)**

**ئەو بابەتانەی ئەگەری بڵاوبونەوەی هەیە بە شێوەی ساختە**

| جۆر | دووبارە | ڕێژە | پلە |
|---|---|---|---|
| سیاسی | ٢٥٠ | %١٨,٤٨ | ١ |
| کۆمەڵایەتی | ١٨٦ | %١٣,٧٥ | ٢ |
| تەندروستی | ١٣٨ | %١٠,٢٠ | ٣ |
| ئابووری | ١٢١ | %٨,٩٤ | ٤ |
| ئاینی | ١١٦ | %٨,٥٧ | ٥ |
| پەروەردەیی | ١٠٥ | %٧,٧٦ | ٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زانستی | ٩٤ | %٦,٩٥ | ٧ |
| وەرزشی | ٩١ | %٦,٧٣ | ٨ |
| کاتبەسەر بردن | ٨٩ | %٦,٥٨ | ٩ |
| کەلتوری | ٨٣ | %٦,١٣ | ١٠ |
| ژینگەیی | ٨٠ | %٥,٩١ | ١١ |
| کۆ | ١٣٥٣ | %١٠٠ | |

وەک لە خشتەی (٤) دا دەردەکەوێت: بە بۆچونی بەرتوێژان ئە بابەتانەی ئەگەری بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵی زیاتریان تێدایە لای ئەوان هەواڵی سیاسییە، بەرێژەی (١٨,٤٨%)، لە پلەی یەکەمدایە و لەکۆی گشتی هەڵبژێردراوی سامپڵی توێژینەوەکە (٢٥٠)جار دیاریان کردووە، پلەی دووەم و سێیەم بۆ بابەتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانە کە پێیان وایە ئەگەری بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵیان تیادا زۆرە، لە پلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەمیش هەریەکە لە تەندروستی و ئاینی و کاتبەسەربردن دێن، بۆ بڵاوبوونەوەی ساختە هەواڵ تێیاندا، دوابەدوای ئەم جۆرە هەواڵانە هەریەکە لە زانستی، پەروەردەی، ژینگەی، وەرزشی و کەلتوری پلەکانی حەوتەم تا پلەی یانزەیامیان لە بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵدا پێدراوە. ئەم ئەنجامانە بەو مانایە دێت کەبابەتە سیاسییەکان لای بەرتوێژان زۆرترین هەواڵی ساختەیان تیادا بڵاودەکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە مامۆستایانی سامپڵی توێژینەوەکە لە خشتەی ژمارە (٣) زۆرینەیان بەرکەوتەی هەواڵی سیاسین، بەو پێیەی بابەتە سیاسیەکان و ململانێ سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکە بەدەوامی هەیەو گۆرانکارییە سیاسییەکان لەهەڵکشان و داکشاندایە، کاتێ ئەنجامدانی توێژینەوەکەش هاوتایە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە، بە تایبەت دوای روودانی بە هاری عەرەبی و شەڕی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و جەنگی نێوان بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی و ئیسرائیل، هاوکات روبەڕووبەنەوەی ئەم دواییەی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، هاوکات بۆ ڕووداوەکانی سوریا و لوبنان و یەمەنیش، ئەم دەرەنجامانە ئاساییە، دەستنیشانکردنی بابەتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیش لە لە پلەی دواتردا هاتوون، دەشێت بەهۆی ئەوەبێت لە ماوەی (١١) ساڵی رابردوودا قەیرانی دارای رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە و هەڵبەت بەدوای ئەم قەیرانەشدا گرفتە کۆمەڵایەتییەکانیش رووی لە هەڵکشن کردووە. بەو پێیە مامۆستایانی خوێندنگا ئامادەییەکانیش موچەخۆری سەر بەحکومەتی هەرێمن ئاساییە کە وەرگری بابەتە ئابوریەکانن، لەبەرامبەریشدا میدیا ئەو بارودۆخە ئابورییەی قۆستۆتەوە، کەهەڵبەت بڵاوبونەوەی ساختە هەواڵ لە بەشیک لە میدیاکاندا لەکاتە قەیراناوییەکاندا روو لە زیادبوون دەکات. هەروەها بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ بە پێی جۆری هەواڵ، لەشوێنێک بۆ شوێنێکی دی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەروەها بەپێی بارودۆخ و کاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکیش بەهەمانشێوە بڵاوکردنەوەی لەسەر جۆری هەواڵ رۆڵدەبینێت. ئەم ئەنجامانەش تارادەیەک لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی دێتەوە، کە لەسەر سێ پێگەی ئەلەکترۆنی وڵاتانی عەرەبی لەسەردەمی پاڵەوانێتی جامی جیهانی ساڵی (٢٠٢٢)لە وڵاتی قەتەر ئەنجامدراوە، لە ئەنجامدا بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ؛ زۆرینەی لە جۆری هەواڵی سیاسیدا بووە و بە رێژەی (١٨,٠١%) لەپلەی دووەمدا بووە. هەروەها بە پێی توێژینەوەی، بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشە لە جۆری هەواڵی سیاسی زیاترە، و لە پلەی یەکەم هاتووە.

**سێیەم/ کاردانەوەی بەرتوێژان کاتێک لە میدیادا بەرکەوتەی هەواڵێکی ساختە دەبنەوە.**

**خشتەی (٥)**

**کاردانەوەی بەرتوێژان بەرامبەر بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیادا**

| کاردانەوە | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کەناڵەکە دەگۆڕم | ١٤٧ | %٥٣,٦٥ |
| بەردەوام دەبم لە تەماشاکردنی | ١٣ | %٤,٧٤ |
| دەیسڕمەوە | ٢٨ | %١٠,٢١ |
| بەدوای کەناڵێکی تردا دەگەڕێم تا لە زانیارییەکە دڵنیا بمەوە | ٨٦ | %٣١,٣٩ |
| کۆ | ٢٧٤ | %١٠٠ |

وەک لە خشتەی (٥) دا دەردەکەوێت، کاتێک بەرتوێژان لە میدیا نەریتییەکان بەرکەوتەی هەواڵێکی ساختە دەبنەوە، کاردانەوایان بە پلەی یەکەم بەرێژەی (٥٣,٦٥%) کەناڵەکە دەگۆڕن کە زیاتر لە نیوەی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرتوێژان بەرێژەی (٣١,٤٠%) بەدوای کەناڵی جێگرەوەدا دەگەڕێن، کەرەنگە ئەمەش دڵنیانەبوونی بەرتوێژان بخاتەروو بەرامبەر بە بەشێک لە هەواڵ و زانیارییەکان بۆیە هەوڵدەدات بۆ مەبەستی زیاتر دڵنیابوونەوەی بەدوای کەناڵێکی تر و سەرچاوەیەکی تردا بگەڕێت تا لە زانیارییەکان دڵنیا بێتەوە، لە پلەی سێیەمیشدا بەرتوێژان ئەو کەناڵە دەسڕنەوە کە ساختە هەواڵی تێدا بڵاودەکرێتەوە لەکاتێکدا بەتەواوی متانەیان بەو کەناڵە نامێنێت، لە پلەی چوارەم بەرتوێژان بەردەوام دەبن لە تەماشاکردنی کەناڵەکە، کە ئەمەش ئەنجامێکی ئاساییە بەو پێیەی ڕەنگە ئایدۆلۆژیا و ئارەزووی وەرگر بۆ کەناڵێکی دیاریکراو ئەو ویستە درووستبکات. کۆی ئەنجامەکان بەرێژەی (٩٥,٢٦%) تارادەیەکی زۆر هۆشیاری بەرتوێژان بەرامبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست لە میدیا نەریتیەکان دەخاتەڕوو.

**چوارەم/ ئەو ڕێگایانەی وادەکەن بەرتوێژان لەو هەواڵ و زانیارییانەی کە ساختەن دڵنیابینەوە.**

**خشتەی (٦)**

**ڕێگاکانی دڵنیایی بەرتوێژان کاتێک بەرکەوتەی زانیاری ساختە دەبن**

| ڕێگاکان | دووبارە | ڕێژە | پلە |
|---|---|---|---|
| بەراوردکردنی زانیارییەکان لەڕێگەی گەڕان بەدوای سەرچاوەی دی. | ١٣٦ | %٢٥,٩٠ | ١ |
| لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەی زانیارییەکان. | ١٢٣ | %٢٣,٤٣ | ٢ |
| متانە بوونم بەو کەناڵەی زانیارییەکانی لێوەردەگرم. | ٧٣ | %١٣,٩٠ | ٣ |
| تەماشاکردن و لێکدانەوەی زانیارییەکان بەچاوی ڕەخنەگرانەوە. | ٧١ | %١٣,٥٢ | ٤ |
| دڵنیابوونەوە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان. | ٦٥ | %١٢,٣٨ | ٥ |
| دڵنیابوونەوە لە زانیارییەکان لەڕێگەی گفتوگۆکردنم لەگەڵ ئەوانی دی. | ٥٧ | %١٠,٨٦ | ٦ |
| کۆ | ٥٢٥ | %١٠٠ | |

وەک لە خشتەی (٦) دا دەردەکەوێت، بەرتوێژان لە ڕێگای بەراوردکردنی زانیارییەکان بەسەرچاوەی تری زانیاری بۆیان دەرکەوتووە، ئەو زانیاریانەی لە رابردوودا بەرکەوتەی بوون و ساختە بوون، ئەم شێوازە لە گەڕانی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم دێت، لە پلەی دووەمیش مامۆستایان ڕێگای لێکۆڵینەوەیان لە سەرچاوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە، پلەی سێیەمیش بریتی بووە لە بەکارهێنانی ئەو میدیایەی جێی متانەی بەرتوێژانە بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری، لە پلەی چوارەمیش لای بەرتوێژان تەماشاکردن و لێکدانەوەی زانیارییەکانە بە چاوی رەخنەگرانەوە، لەپلەی پێنجەمیش بەرتوێژان لە ڕێگای دڵنیابوونەوە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانەوە متانە بە

هەواڵ و زانیارییەکان دەکەن. لە پلەی شەشەم و کۆتایی بەرتوێژان گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی دی دەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لە زانیارییەکان لەکاتێکدا بەرکەوتەی ساختە هەواڵ دەبن، بە پێی ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون و پشتبەست بە تیۆری (کەمکردنەوەی گومان بەرامبەر بە میدیا Uncertainty Reduction theory)، تاکەکانی کۆمەڵگا لەکاتێکدا لەگەڵ هەواڵ و زانیارییەکان یان هەڵوێستێکی نادیاردا کارلێکدەکەن، هەوڵدەدەن بۆ کەمکردنەوەی گومانەکانیان یان ئەو نادڵنیاییەی هەیانە پەنا بۆ هەندێک ستراتیجی دیاریکراو دەبەن. هەربۆیە دەردەکەوێت مامۆستایانی سامپڵی توێژینەوەکە لەئاستێکی بەرزی هۆشیاریدان بەرامبەر پەیامە میدیاییەکان و بەرێژەیەکی بەرز بەراوردی زانیارییەکانیان دەکەن لە نێوان کەناڵە میدیاییەکان بۆ دەستکەوتنی زانیاری راست لە ماوەی رابردوودا، لەهەمان کاتدا پاڵپشت بە خشتەی ژمارە (٥)بەرتوێژان بەرێژەیەکی زۆر بۆ راستی زانیارییەکان سود لە کەناڵ و سەرچاوەی تری هەواڵ وەردەگرن، بەراوردکردنی زانیاری و هەواڵ بە سەرچاوەی دیکەی زانیاری رێگایەکی گونجاوە بۆ ڕەوینەوەی ئەو نادڵنیاییەی بەرتوێژان هەیانە بەرامبەر زانیارییەکان تابتوانن لەڕاستی و دروستی زانیارییەکان دڵنیابنەوە، هەر لەم دیدەوە بەرتوێژان توانیویانە کەناڵێکی تایبەت و دیاریکراو بدۆزنەوە و متمانەی خۆیانیان پێداوە ، کە بەدڵنیاییەوە ئەمەش دەرەنجامی ئەو هۆشیارییەی سامپڵی توێژینەوەکەیە بەرامبەر بە پەیامە میدیاییەکان. ئەم ئەنجامانەش لەگەڵ دەرەنجامی توێژینەوەی دێتەوە، کە ساختە هەواڵ دەبێتە هۆی نەمانی متمانە لای وەرگر، لەم نێوکۆیەدا وەرگر بەئاگایە لەوەی بەردەوامبێت لەگەڕان و بەدواداچوون بۆ ئەو زانیارییانەی لە میدیاکانەوە بلاو دەکرێنەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەوەی خستووەتەڕوو کە بەدواداچوون بۆ سەرچاوەی باوەڕپێکراو و بەکارهێنانی ئەو بژاردانەی هەن بۆ لێکۆڵینەوە لە ساختە هەواڵ، وەک سود وەرگرتن لە سەرچاوەی تری هەواڵ، بەراوردکردنی زانیاری و هەواڵ بە سەرچاوەی دیکەی زانیاری، تەماشاکردن و لێکدانەوەی زانیارییەکان بە چاوی رەخنەگرانەوە....تاد، متمانەبوون بەرزدەکاتەوە و لەبەرامبەردا نادڵنیایی کەم دەکاتەوە.

**پێنجەم: ڕەنگدانەوەی بنەماو پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر متمانەی وەرگر بە هەواڵ و زانیارییەکان لە میدیادا.**

**خشتەی (٧)**

**ئاستی ڕەنگدانەوەی بنەما و پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر متمانەی وەرگر لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| پێوەر / بڕگە | هەمیشە | زۆرجار | ئارادەیەک | کەمجار | هیچکات | ن | لادان | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | چ | چ | چ | چ | | | |
| کە بەرکەوتەی هەواڵێکی ساختە دەبمەوە، باوەڕم وایە کە میدیا کوردییەکان لە ئاست بەرپرسیارێتیدا نین. | ٨٥ | ١١٧ | ٥٥ | ١٠ | ٧ | ٣,٩٦ | ٠,٩٤ | ٢ |
| ڕەچاونەکردنی پێوەر و بنەماکانی وردیەتی هۆکارە بۆ نادڵنیاییم لەو داتاو زانیارییانەی میدیاکان بڵاویان دەکەنەوە. | ٦٣ | ١١٦ | ٧١ | ١٧ | ٧ | ٣,٧٧ | ٠,٩٦ | ٧ |
| بە هۆی ڕەچاونەکردنی پێوەرە ئاکارییەکان ساختە هەواڵ بووەتە دیاردە لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا. | ٧٤ | ١٢٠ | ٦٠ | ١١ | ٩ | ٣,٨٧ | ٠,٩٧ | ٤ |
| بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ساختە، وا دەکەن کەناڵە میدیاییەکان پاکێتی و هاوسەنگی خۆیان لەدەست بدەن. | ٨٠ | ١١٧ | ٥٥ | ١٤ | ٨ | ٣,٩٠ | ٠,٩٨ | ٣ |
| لەسایەی تەشەنەسەندنی ساختە هەواڵدا میدیاکان بونەتە بەشێک لە پڕوپاگەندەی سیاسی. | ٩٧ | ١١١ | ٤٨ | ١٠ | ٨ | ٤,٠٢ | ٠,٩٧ | ١ |
| کاتێک کەناڵە میدیاییەکان هەواڵێکی گوماناوی بڵآودەکەنەوە، لە کاتێکی نزیکدا پۆزشی بۆ دەهێننەوە. | ٤١ | ٧١ | ٧٦ | ٤٧ | ٣٩ | ٣,١٠ | ١,٢٦ | ١٠ |
| ئاکاری خودی ڕۆژنامەنووسان سەرچاوەن بۆ بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیا کوردییەکاندا. | ٦٣ | ٩٠ | ٨٤ | ٢٩ | ٨ | ٣,٦٢ | ١,٠٤ | ٨ |
| بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا بە ئاگایی دەکرێن و ئامانجیان لەپشتە. | ٧٨ | ١٠٣ | ٥٧ | ٢٧ | ٩ | ٣,٧٨ | ١,٠٧ | ٦ |
| لە پێناو بەرژەوەندی بیرو ڕاو ئایدۆلۆژیای تایبەت، دەزگاکان پشتدەبەستن بە بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ. | ٧٩ | ١٠٧ | ٦٧ | ١٥ | ٦ | ٣,٨٧ | ٠,٩٧ | ٤ |
| نەشارەزای ڕۆژنامەنوسان ڕۆڵ دەگێڕێت لەوەی هەواڵێکی ڕاست ببێتە هەواڵێکی ناڕاست و میدیا کوردییەکان بە بێئاگاییانە بڵاویان دەکەنەوە. | ٥١ | ١٠٦ | ٨٠ | ٢٧ | ١٠ | ٣,٥٩ | ١,٠٢ | ٩ |
| میدیاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر، پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە دەبەن. | ٩١ | ٩٣ | ٦٣ | ١٣ | ١٤ | ٣,٨٥ | ١,٠٩ | ٥ |
| کۆ | ناوەندی خشتەیی ٤١,٣٤ ناوەندی گریمانەیی ٣٣ | | | | | ٣,٧٥ | | زۆربا |
| بەهای T ١٧,٨٤١ نمرەی ئازادی ٢٧٣ ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ جیاوازی ناوەندەژمێرە ٨,٣٤ | | | | | | | | |

وەک لە خشتەی (٧) دەردەکەوتووە: بە شێوەیەکی گشتی مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە بەرێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی پێیان وایە، بنەما و پێوەرە ئاکارییەکان لەئاستێکی بەرزدا، بە بەهای ناوەندە ژمێرەی(٣,٧٥) ڕەنگدانەوەی لەسەر متمانەکردنی وەرگر بەو هەواڵ و زانیارییانەی دەبێت لە کەناڵە میدیاییەکان بڵاو دەکرێنەوە، لەبەرامبەردا ئەگەری بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ زیاتر دەکات، بەرزی ئاستی ناوەندی خشتەیی بە بەهای (٤١,٣٤)، لەچاو ناوەندی گریمانەیی بە بەهای (٣٣)، و جیاوازی ناوەندەژمێرە بە بەهای (٨,٣٤) و بەهای T test (١٧,٨٤١) بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٠)کە بچووکترە لە (٠,٠٥) سەلمێنەری ئەو ئەنجامەیە.

کۆی گشتی ئەم تەوەرە؛ بە ڕێژەی جیاواز کاریگەری لەسەر یەک بەیەکی بڕگەکان درووستکردووە، بەجۆرێک بۆ بڕگەی (لەسایەی تەشەنەسەندنی ساختە هەواڵدا میدیاکان بونەتە بەشێک لە پڕوپاگەندەی سیاسی) بە ناوەندە ژمێرەی (٤,٠٢) بە پێی پێوەری لیکارد بۆ پێنج بژاردەیی، لای بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت، و بەشی هەرەزۆری کەناڵە میدیاییەکان سەر بە دەسەلات و حزبی سیاسین، بۆیە لە ئەگەری بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەیەکی سیاسیدا، ئەگەر هەیە ساختە هەواڵ تەشەنە بسێنێت لەپێناو ئەجێندایەکی دیاریکراودا. کە مەبەست لێی بەدەستهێنانی متمانەی وەرگرە بە پەیامە میدیاییەکان، هەر لەو نێوەندەشدا توێژینەوەی دەریخستووە؛ بەرێژەی (١٠٠%)ی ڕۆژنامەنووسانی لەناو کەناڵە میدیاییەکاندا سەر بەلایەنێکی سیاسین یان

لایەنگرین، هەروەها توێژینەوەی دەریخستووە کە دەردەکەوێت کە لە نیوە زیاتر، بەرێژەی (٥٩%) پشتگیری لەو حزبە دەکەن کە خاوەندارێتی ئەو کەناڵە دەکات کە کاری تیادا دەکەن.

هەر لەو بارەیەوە برگەی (میدیا لە هەرێمی کوردستان ڕەچاو بەرپرسیارێتی ناکات؛ لەوکاتانەدا کەهەواڵی ساختە بڵاو دەکەنەوە)، بە ناوەندە ژمێرەی (٣,٩٦)، لای بەرتوێژان لە پلەی دووەم هاتووە و لە ئاستێکی بەرزدایە. هەڵبەت بەرپرسیارێتی لە میدیادا بە پرنسیپێکی سەرەکی کاری میدیایی دادەنرێت و بەجێنەگەیاندنی ڕەنگدانەوەی لەسەر پیشەی کاری میدیایی بەجێدەهێڵێت، کە بێگومان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لێکەوتەی نەرێنی لەسەر سازاندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەکات بۆیە پێویستە پەیامە میدیاییەکان لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیدا هەوڵی پاریزگاری تاک بدرێت، تا بتوانرێت زانیارییەکان بابەتییانە، بێلایەنانە و ڕاستگۆیانە بگەیەنێت دوور لە پەنابردن بۆ بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ. لە پلەی سێیەمدا و بە ناوەندەژمێرەی (٣,٩٠) بە ئاستی زۆرجار (بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ساختە، وا دەکەن کەناڵە میدیاییەکان پاکێتی و هاوسەنگی خۆیان لەدەست بدەن)، کە ئەمەش بەهەمان شێوە لەدەستدانی پێوەرێکی گرنگی ئاکاری پیشەییە، لەپێناو ڕاکێشانی سەرنجی بینەر، دەشێت میدیا لەو نێوەندەدا متمانەی وەرگر لەدەست بدات.

لەنێو کۆی برگەکاندا هەردوو برگەی (لە پێناو بەرژەوەندی بیرو ڕاو ئایدۆلۆژیای تایبەت، دەزگاکان پشتدەبەستن بە بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ) و (بە هۆی ڕەچاونەکردنی پێوەرە پیشەییەکانەوە ساختە هەواڵ بووەتە دیاردە لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا.) لە پلەی چوارەمدان بە ناوەندەژمێرەی(٣,٨٧) لە ئاستێکی بەرزدایە. ئەمەش ئاستی ئاگایی سامپڵی توێژینەوەکە لە ناسینەوەی ئەو هەواڵانە دەردەخات کە دەشێت ناڕاست بن، ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی کە دەڵێت (٨٩,٥%)ی ڕووماڵی هەواڵ و زانیارییەکان لە میدیادا لایەنگیری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی پێوە دیارە، لەهەمانکاتدا ڕەچاونەکردنی پێوەرە ئاکارییەکان دووبارە جەخت کردنەوەیە لەوەی پێشێلکردنیان وادەکات ساختە هەواڵ لەناو میدیاکاندا ببێتە دیاردە.

برگەکانی تری ئەم تەوەرە لەئاستێکی بەرزدا و بە پلەی جیاواز بەرتوێژان پێیان وایە (میدیاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر، پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە دەبەن. هەروەها بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا بە ئاگایی دەکرێن و ئامانجیان لەپشتە. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەچاونەکردنی پێوەر و بنەماکانی وردیەتی هۆکارە بۆ نادڵنیایی لەو داتاو زانیارییانەی  میدیاکان بڵاویان دەکەنەوە. بەهەمان شێوە ئاکاری خودی ڕۆژنامەنووسان سەرچاوەن بۆ بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیا کوردییەکاندا). لەپلەی نۆدا مامۆستایان پێیان وایە تاڕادەیەک نەشارەزای ڕۆژنامەنوسان ڕۆڵ دەگێڕێت لەوەی هەواڵێکی ڕاست ببێتە هەواڵێکی ناڕاست و میدیا کوردییەکان بە بێئاگاییانە دوور لە لێپێچینەوە بڵاویان دەکەنەوە.

کۆتا پلەی ڕیزبەندی کە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت برگەی (لەئەگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی گوماناوی، کەناڵە میدیاییەکان پۆزشی بۆ دەهێننەوە) بە ناوەندە ژمێرەی (٣,١٠) لە ئاستێکی مامناوەندایە، بەواتای بەرتوێژان تاڕادەیەک پێیان وایە کە کەناڵە میدیاییەکان پۆزش بۆ هەواڵی ناڕاست دەهێننەوە و لە ئاستی پێویستدا نییە، کە لەڕاستیدا پێویسە لەسەر هەر کەناڵێکی میدیایی لەئەگەری بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵ و زانیارییەکی گوماناوی لەنزیکترین کاتدا پۆزش بهێنێتەوە، چونکە پۆزش هێنانەوە بۆ هەواڵێک دوور بێت لەڕاستی لەبەرامبەردا متمانەی وەرگر بە کەناڵ و پەیامەکانی زیاتر دەکات، بنەما و پێوەرێکی  سەرەکی کاری میدیاییە، لەوبارەیەوە یاسای ژمارە (٤٠)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، دووەم (پابەندییەکان)؛ ماددەی (٢٠) برگەی (٨)، ڕۆژنامەنووسان و میدیا پابەندکراون بە وەی کە نابێت زانیاری نادرووست و لێکدانەوەی ڕووداوەکان جەماوەر بەهەڵەدا بات، بەجۆرێک دووربێت لە دەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی نادڵنیایی لێیان، لە ئەگەری ئەوەدا پێویستە پۆزش بۆ هەواڵی نادرووست بهێنرێتەوە.

**١) ڕەنگدانەوەی بنەماو پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر متمانەی وەرگر بە هەواڵ و زانیارییەکان لە میدیادا، بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و شوێنی جوگرافی.**

**خشتەی (٨)**

**تاقیکردنەوەی (Independent-Samples Ttest)**

| دێمۆگرافی | | چ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهای T |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٨٣ | ٤٠,٢٥ | ٧,٨٥ | ٢٧٢ | ٠,٩٥٩ | ١,٥٣٦ |
| | مێ | ١٩١ | ٤١,٨١ | ٧,٦٦ | | | |
| شوێنی جوگرافی | ڕۆژهەڵات | ١٢٥ | ٤٠,٨١ | ٨,٤٥ | ٢٧٢ | ٠,١١٤ | ٠,١٩٦ |
| | ڕۆژئاوا | ١٤٨ | ٤١,٩٩ | ٦,٥٤ | | | |

وەک لە خشتەی (٨) دەردەکەوتووە: چارەسەرییە ئامارییەکان هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ)ی سامپڵی توێژینەوەکە دەرنەخستووە، بەشێوەیەک نزیکییەکی زۆر بەدی دەکرێت لە نێوان ناوەندەژمێرەکانیاندا، بەجۆرێک ناوەندی ڕەنگدانەوەی بنەماو پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر متمانەی وەرگر بە هەواڵ و زانیارییەکان لە میدیادا، لای ڕەگەزی نێر ڕێژەکەی (٤٠,٢٥)ە، لە بەرامبەر ڕەگەزی مێ کە ناوەندی ڕەنگدانەوە (٤١,٨١)ە، بەم شێوەیە بەهای T هەژمارکراو (١,٥٣٦)، بەهایەکی ئاماژەدار نییە لە ئاست نمرەی ئازادی(٢٧٢)، و ئاستی بەڵگەداری (٠,٩٥٩)، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە گۆڕاوی ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ڕای بەرتوێژان بەئاستێکی بەرز، سەبارەت بە پابەند نەبوونی میدیا بە بنەماو پێوەرە ئاکارییەکان هۆکارە بۆ زۆربوونی ساختە هەواڵ، و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر متمانە نەکردنی وەرگر بە هەواڵ و زانیارییەکان.

بە هەمان شێوە چارەسەرییە ئامارییەکان هیچ جیاوازییەکیان لە گۆڕاوی (شوێنی جوگرافی) کارکردنی سامپڵی توێژینەوەکە دەرنەخستووە لە هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەشێوەیەک نزیکییەکی باش بەدیدەکرێت لە نێوان ناوەندەژمێرەکانیاندا، بەجۆرێک پەروەردەی ڕۆژهەڵات بە ناوەندە ژمێرەی (٤٠,٨١) نزیکییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ناوەندە ژمێرەی پەروەردەی ڕۆژئاوا بە بەهای (٤١,٩٩). هاوکۆلکەی T ئەمەی پشتڕاست کردۆتەوە بە بەهای (٠,١٩٦)، کە بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆبوونی جیاوازی لە ئاست نمرەی ئازادی (٢٧٢)، و ئاستی بەڵگەداری (٠,١١٤)، ئەمەش دوپاتیدەکاتەوە کە گۆڕاوی شوێنی جوگرافی هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ڕای مامۆستایانی هەردوو پەروەردە بەئاستێکی بەرز، سەبارەت بەوەی پابەند نەبوونی میدیا بە بنەماو پێوەرە ئاکارییەکان هۆکارە بۆ زۆربوونی ساختە هەواڵ، و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر متمانە نەکردنی وەرگر بە هەواڵ و زانیارییەکان.

## دەرئەنجام

1. ڕەچاونەکردنی پێوەرە ئاکارییەکان پێشێلکردنیان دووبارە جەخت کردنەوەیە لەوەی ساختە هەواڵ بە ڕێژەیەکی زۆر لەناو میدیاکاندا بوتە دیاردە.

2. تەماشاکردنی هەواڵ و زانیارییە سیاسییەکان لای بەرتوێژان لە پلەی یەکەم هاتووە، و دوابەدوای ئەمەش جۆری هەواڵی سیاسی لای بەرتوێژان ئەگەری هەیە زیاتر ساختە هەواڵی تێدا بڵاوبکرێتەوە. هەڵبەت ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لە ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی روودەدەن، بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان لەو ململانێ سیاسییانە بێبەش نییە، زۆرجار ئەمە وا دەکات زانیاری ناڕاست لە نێو ئەم ململانێیانەدا ڕوو لە هەڵکشان بکات.
3. کاتێک بەرتوێژان بەرکەوتەی ساختە هەواڵ دەبن کەناڵە میدیاییەکە دەگۆڕن و بۆ دڵنیابونەوە بەدوای سەرچاوەی تردا دەگەڕێن. کە پاڵپشت بە تیۆری نادڵنیایی رەفتار و هەڵسوکەوتی تاک گۆڕانکاری تێدا دروست دەبێت، دەشێت پەیوەندیکردنێکی دروست لە نێوان نێرەر و وەرگر؛ بێتە کایەوە، سەرەنجام ئەم کەمکردنەوەی نادڵنیاییە هاوکار دەبێت بۆ کەمکردنەوەی نادڵنیایی و هەڵسەنگاندنێکی ڕاستی و دروستی پەیامە میدیاییەکان. پاشانیش دەگۆڕێت بۆ بنەمای لێکتێگەیشتن و درووستبوونی متانە. کۆی ئەنجامەکان بەرێژەی (٩٥,٢٦%) تاڕادەیەکی زۆر هۆشیاری بەرتوێژان بەرامبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست لە میدیادا دەخاتەڕوو.
4. ڕەچاونەکردنی پێوەر و ڕێکاری وردیەتی هۆکارە بۆ نادڵنیایی بەرتوێژان لەو داتاو زانیارییانەی میدیاکان بڵاویان دەکەنەوە. هەروەها بە ڕێژەیەکی بەرزیش ڕەچاوی بەرپرسیارێتی ناکەن.
5. میدیاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر، زۆرجار پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە دەبەن.
6. بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا زۆرجار بە ئاگایی دەکرێن و ئامانجیان لەپشتە، هەروەها زۆرجار ئاکاری خودی ڕۆژنامەنووسان سەرچاوەن بۆ بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیا کوردییەکاندا.
7. هاوکۆلکە ئامارییەکان بە پێی ڕەگەز و شوێنی جوگرافی هیچ جیاوازییەکیان دەرنەخستووە بەوەی مامۆستایانی سامپڵی توێژینەوەکە بەئاستێکی بەرز، سەبارەت بە پابەند نەبوونی میدیا بە بنەماو پێوەرە ئاکارییەکان، هۆکارن بۆ زۆربوونی ساختە هەواڵ لە ناو پەیامە میدیاییەکاندا.

## راسپاردە

1. پێویستە میدیاکاران رەچاوی بنەماو پیوەرە ئاکارییەکانی کاری رۆژنامەوانی بکەن لە پێناو دەورکەوتنەوە لە بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ.
2. پێویستە سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کاری ڕۆژنامەوانی کار بۆ دانانی پەیماننامەی ئاکاری بکات بۆ بەرەنگاربونەوەی ساختە هەواڵ.
3. گرنگە میدیا رۆژنامەنووسان پابەندی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان بن، رۆژنامەنووسان و میدیا پابەندکراون بن، بە وەی کە نابێت زانیاری نادرووست و لێکدانەوەی ڕووداوەکان جەماوەر بەهەڵەدا ببات، بەجۆرێک دووربێت لە دەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی نادڵنیایی لێیان، لە ئەگەری ئەوەدا پێویستە پۆزش بۆ هەواڵی نادروست بهێنرێتەوە.

## پێشنیار

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر کاریگەری سزایاسایەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی ساختە هەواڵ لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر کاریگەری ساختە هەواڵ لەسەر سایکۆلۆژیای وەرگر.

### ناوی هەڵسەنگینەرانی فۆڕمی ڕاپێوی

- پ.د. نەزاکەت حسێن حەمە سەعید/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی.
- پ. د. هێرش ڕەسوڵ موراد/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی. - پ.د. ئیبراهیم سەعید فتح الله/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی.
- پ.د. ڕێبەر گۆران احمد/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
- پ.د. یەحیا عمر ڕێشاوی/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
- پ.ی. د. کاروان عبداللە محەمەد / ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی.
- پ.ی.د. بەرهەم خالید احمد/ ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی.

## سەرچاوەکان

### کوردیەکان:


بارزانی، ساقی، ٢٠١٠، جۆرنالیزم دەروازەیەک بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانە و ئەکادیمی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس- هەولێر.

پۆتەر، دیبۆرا، ٢٠٠٧، رۆژنامەوانی بێلایەن، و. عبدلرەزاق عەلی، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- سلێمانی.

پێندرۆیی، محەمەد سالح، ٢٠١٠، رۆژنامەنوسی پرۆفیشناڵ و ئیتیکی رۆژنامەوانی، بڵاوکراوەکانی ئاکادیمیای کوردی.

حجاب، محمد منیر، ٢٠١٥، میدیاو بابەتیبوون لە سەدەی بیست و یەکەمدا، چاپی یەکەم، و.یەحیا عمر رێشاوی، چاپی یەکەم دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

رۆزە حەمە وەیس، ئەوانی تر، ٢٠٢٥، بەرکەوتنی وەرگر بە هەواڵی چەواشە لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا و کاردانەوایان بەرامبەری، ژمارەی ١٢، بەرگی ٢.

ڕەسوڵ، هێرش، ٢٠١٧، ڕاگەیاندن وڕاستگۆیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.

عومەر، هاوژین، ٢٠١٢، ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە- هەولێر.

فەوزی، سامان، ٢٠٠٩، ڕاگەیاندن لەسایەی یاسادا، بڵاوکراوەی خانەی چاپ بڵاو کردنەوەی چوارچرا.

فەوزی، سامان، ٢٠١٦، بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

قانع، مەم بورهان، ٢٠١٢، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، چاپی یەکەم، بڵاو کراوەی خانەی چاپ بڵاو کردنەوەی چوارچرا.

وەسمان، محمد ،٢٠١١، ئیتیکی کاری میدیاکاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

ئەیڤەس، شوان ئادەم، ٢٠٠٦، ئێتیک لە رۆژنامەوانی کوردیدا، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

بوزيان، نصرالدين، ٢٠٢١، الأخبار الكاذبة، الذباب الالكتروني وتزييف الوعي :سبل الوقاية ومساعي المواجهة، مجلة آكاديميا للدراسات السياسة، المجلد ٦،العدد ٥.

عامر، فتحی حسين احمد، ٢٠٠٦، آخلاقياتا الصحافة فی نشر الجرائم، ط.١، ايتراک للنشر والتوزيع- القاهرة.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**گۆڤارەکان:**

Bąkowicz, Katarzyna,2019, Introduction to the Defi nitionand Classifi cation of the Fake News, research gate,studia medioznawcze, Vol. 20, No. 3 (78).

Baptista, João Pedro, et al, 2022, A Working Definition of Fake News, Journals Encyclopedia Volume 2 Issue 1.

Brisola, Anna Cristina, et al, 2019, Critical Information Literacy as a Path to Resist "Fake News": Understanding Disinformation as the Root Problem, Open Information Science, Volume 3 Issue 1.

Hebbani, A. et al, 2007, The Intercultural Hiring Interview: Applying Uncertainty Reduction Theory to the Study of Nonverbal Behavior between U.S. Interviewers and Indian Applicants. Intercultural Communication Studies, 16(3).

Idiongo, Peter, 2024, The Impact of Fake News on Public Trust in Traditional Media Outlets, Strathmore University, Journal of Communication ceri journals, Vol. 5, Issue No. 3.

John, Ikpeama Chijioke, et al, 2024, INFLUENCE OF THE CONCEPT OF ACCEPTABILITY ON MAGIC FM 102.9 RADIO STATION COMMUNICATION, ABA, THROUGH MEDIA AESTHETICS, British Journal of Mass Communication and Media Research Volume 4, Issue 1.

Kavakl, Nurhan, 2019, Yalan Haberle Mücadele ve İnternet Teyit/Doğrulama Platformları, Erciyes İletişim Dergisi | Ocak/January Cilt/Volume 6, Sayı/Number 1.

Vusparatih, D. S. 2019, Uncertainty Reduction Theory in a New Work Environment: A Case of Teachers and School Principals Mutation in Cilandak District. Humaniora, 10(2).

Zhang, Xichen,et al, 2020, An overview of online fake news: Characterization, detection, and discussion, Information Processing and Management, Volume 57, Issue 2.

Zhou, Xinyi, et al, 2018. Fake News: A Survey of Research, Detection Methods, and Opportunities, ACMComputing Surveys, Vol. 53, No. 5.

**سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:**

حسێن، نەزاکەت، ٢٠٢٥،٣:١٠/١/٤pm. وتار لە گوڵان بە ناونیشانی (ساختە هەواڵ، یان شێواندنی هەواڵ)، ٢٠٢٠/٩/٢،
https://gulanmedia.com/so/story/202877/1621547559-12081-

عبدالرحمن محمد الشامي, (2024), دور المنصات العربية للتحقق من الاخبار في مكافحة التضليل الاعلامي وتأثيراته السياسية,
(https://www.researchgate.net/publication/377240309),
ص381,386.

Kasperskyسايت، ٢٠٢٥/١/٤، pm٨:١٥، مقالة (كيف تعرف أن خبرا كاذب). بدون عام.
https://me.kaspersky.com/resource-center/preemptive-safety/how-to-identify-fake-news

محمود عبدالحليم و مروة عبدالعزيز, ٢٠٢٥، تأثير استراتيجيات الحد من عدم اليقين على مصداقية الاخبار بوسائل الاعلام الرقمية, (المجلة المصرية,), ص 1086.
https://www.researchgate.net/publication/388847793

قەرەنی قادری، ٢٠٢٥/١/٤، pm ١:٣٠، بە ناونیشانی( هەواڵی ساختە، هەواڵی نادروست/ هەڵە، دەنگۆ و جەنگی دەروونی)، وتار لە هەرێم نیوس، ٢٠٢٣.
6622https://haremnews.com/detailsWtar/

وەهاب، ئاسۆ،٢٠٢٥/٢/١٧، pm١١:٥٥ وتار بە ناونیشانی هەواڵی ساختە،کاتی بلاوکردنەوە ٢٠١٧/١/١٢.
https://asowahab.blogspot.com/2017/01/fake-news.html

**ماستەرو دکتۆرا:**

حەسیب، بەهات، (العوامل المؤثرة في التغطية الخبرية)، تێزیکی دکتۆرای بلاونەکراوەیە، (زانکۆی سەلاح الدین، کۆلێژی ئاداب- بەشی راگەیاندن)، ٢٠١٦، لا ١٢٣.

جاسم, رعد و ثابت, محمد, انعكاس الانحياز الاخبار على ثقة الجمهور بمصادر الاخبار, توێژینەوەیەکی هەڵێنجراو، https://www.researchgate.net/scientific-(contributions/Mohammed-Thabit-Fahad-2149578781

عزالدین، کاوە، (لێکەوتەی ژینگەی میدیایی لەسەر پێوەرە پیشەییەکانی رۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)، تێزیکی دکتۆرای بلاونەکراوەیە، (زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن)، ٢٠٢٣، لا ١٥٥.